# لافارج

## کەرەستەی بیناسازیی

**چارەسەری داهێنەرانە**

بە پێوەری نێودەوڵەتی

عضو في
LafargeHolcim

عێراق

LAFARGE

# لافارج

## کەرەستەی بیناسازیی

**چارەسەری داهێنەرانە**

بە پێوەری نێودەوڵەتی

# لافارج عێراق

## کۆمپانیایەکە بایەخ بە کڕیار و دوایین بەکارهێنەر دەدات

لافارج عێراق، ئەندام لە لافارج هۆڵسیم، کۆمپانیایەکە بایەخ بە کڕیار و دوایین بەکارهێنەر دەدات، هەمیشە هەوڵ دەدات بۆ پێشکەشکردنی چارەسەری داهێنەر و نایاب و کوالێتی بەرز بۆ کڕیارەکانی.
ئێمە بەشدارین لە چەندین پرۆژەی نیشتەجێبوون و ژێرخانی فراوان لە عێراقدا، وئێمە چیمەنتۆ و کۆنکرێت و بەرهەم و چارەسەری پێویستی دیکە پێشکەش بە کڕیارەکانمان دەکەین جگە لە پشتیوانی تەکنیکی بەردەوام بە پێی زانیاریی و شارەزاییەکانمان لە سەرتاسەری جیهاندا.
لافارج عێراق لە ساڵی (2008)ەوە لە عێراق کار دەکات و یەکێکە لە گەورەترین وەبەرهێنەران لە وڵاتدا کە لە دەرەوەی بواری نەوتدا کار دەکات.

## بۆچی دەبێت لافارج عێراق دابینکەری چارەسەرەکان بێت لە عێراق؟

**زنجیرەیەکی فراوان لە بەرهەمە داهێنراوەکانی کۆنکرێت:**
چوار بەرهەمی نایابی چیمەنتۆمان هەیە کە گشت پێداویستییەکانتان لە بەکارهێنانەکانی بیناسازی جێبەجێ دەکات، کە بریتین لە: الجسر، کەرەستە، تاسلوجە و چیمەنتۆی بیرە نەوتەکان.

**ئۆفەرێکی جیاوازی چیمەنتۆ:**
بەرهەمە پێوانەیی و تایبەتەکانمان کە ئەمانە دەگرێتەوە: کۆنکرێتی ڕەنگداری تایبەت بە کاری دیکۆر (Artevia)، کۆنکرێتی زۆر بەهێز، هایدرۆمیدیا، کۆنکرێتی شل، و کۆنکرێتی کەفاوی، لەگەڵ زنجیرەیەکی فراوان لە چارەسەر لە بواری دیزاین و پەیکەری بینا.

**بیناستۆر**
یەکێکە لە گەورەترین زنجیرە ستۆپ شۆپە کوالێتی بەرزەکان بۆ دروستکەرانی خانوو لە عێراقدا.

**چارەسەری تایبەتمەند:**
چارەسەری تایبەت پێشکەش دەکەین کە گشت پێداویستییەکانی کڕیار و دوایین بەکارهێنەر دابین دەکات. ئێمە بە دوای کڕیاردا ناگەڕێین بۆ بەرهەمەکانمان، بەڵکو بە دوای چارەسەری گونجاودا دەگەڕێین بۆ کڕیارەکانمان.

بۆ زانیاری لەسەر بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی لافارج، تکایە بچۆرە سەر پەڕەی کۆتایی ئەم نامیلکەیە.












**زانیاری و شارەزایی جیهانیی فراوان پێشکەش دەکەین:** ئەزموونی گەورەترین گروپی کەرەستەی بیناسازی لە جیهاندا پێشکەش دەکەین، کە ئەویش گروپی لافارج هۆڵسیمە.



**ئێمە گوێ لە کڕیارەکانمان دەگرین و پێداویستییەکانیان دابین دەکەین و باشترین چارەسەریان پێشکەش دەکەین.**

## خزمەتگوزاری کڕیار بەدرێژایی 24 کاژمێر/هەفتە چارەسەری ژمارەیی و پراکتیکی پێشکەش دەکات

هەموو خزمەتگوزارییەکانی لافارج عێراق لە ڕێگەی سیستەمی زنجیرەی دابینکردنی گشتگیرەوە پێشکەش دەکرێت، کە بۆ یارمەتیدانی کڕیارەکانمان گەشەی پێدراوە و لە لایەن تیمێکی پرۆفێشناڵی ناوخۆی تایبەت بە بواری تەکنیکی و دارایی و لۆجیستیکی بەوپەڕی دڵنیاییەوە ڕەوانە و ڕادەست دەکرێت.

**باشترین خزمەتگوزاری و پشتیوانی تەکنیکی بەردەوام پێشکەش بە کڕیارەکانمان دەکەین.**

پشتگیری تەکنیکی شارەزا لە سەرتاسەری وڵاتدا پێشکەش دەکەین لەگەڵ بوونی هێڵی خزمەتگوزاری کڕیار 24 /7.





**کارەکانی ڕەوانەکردن و گەیاندنی بەرهەمەکان لەسەر بنەمای 24/7 لە شوێنی کارگەکاندا جێ بەجێ دەکرێ، لە کاتێکدا پارەدان لە ڕێگەی تۆڕێکی بانکیی فراوانەوە ئاسانکاری بۆ دەکرێت. سەنتەری تەلەفۆن لە ئامادەباشیدایە بۆ یارمەتیدانی کڕیارەکانمان.**

- **ئەپڵیکەیشنی 4545** کە گشت پێداویستییەکانی کڕیاران دابین دەکات هەر لە دانانی داواکارییەکانی فرۆشتن، پشکنینی باڵانس، ئامادەکردنی دەرخستەی ڕۆژانە و بەدواداچوونی داواکارییەکانیان لە کۆتاییدا.
- هەموو ڕۆژێك لە کاتژمێر **08:00** بۆ کاتژمێر **20:00** بەدرێژایی ڕۆژانی هەفتە ئەم ژمارە تەلەفۆنە: **(07713454545)** و ئەم ئیمەیلە: **4545@lafargeholcim.com** بەردەوام کراوەن.
- بوونی زیاتر لە سەرچاوەیەك بۆ وەرگرتنی داواکارییەکانی فرۆشتن (ئیمەیل، سەنتەری تەلەفۆن، **ئەپڵیکەیشنی 4545**).
- ئاگادارکردنەوەی بەردەوام و سیستەماتیك لە ڕێگەی **کورتە نامەوە SMS** سەبارەت بە داواکارییەکانی فرۆشتن و ئۆتۆمبێلی گواستنەوە و هەروەها چاودێریکردنی ڕەسید.
- گشت کارمەندان زانیارییان هەیە لەبارەی کۆمەڵەی بەرهەمە فراوانەکانی **لافارج.**
- گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند و بوونی پسپۆڕیی لە چۆنییەتی بەدەمەوەچونی خێرا بۆ **سکاڵاکانی کڕیاران** و ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی **ڕەزامەندیی کڕیاران بە بەردەوامی.**

# ئۆفەریکی لافارج

لافارج عێراق کەرەستەی دروستکردنی بینا بۆ پرۆژەکانی ژێرخان و پرۆژە ناوخۆییەکانی نیشتەجێبوون دابین دەکات. ئاستی کار و ناوەندەکانی دابەشکردنی لافارج عێراق هاوکارن بۆ ئەوەی بتوانین بە خێراییەکی زۆر بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانمان لەگەڵ خێرایی دابینکردن دەستەبەر بکەین. کڕیارەکانمان دڵنیا دەکەینەوە کە هەموو بەرهەمێکی لافارج بە باشترین پێوانەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەرهەمدێت.
ئەم شێوازی کارکردنە ئاماژەیە بۆ "ئۆفەریکی لافارج" کە ئامانج لێی هاوپەیمانییەکی بەهێزە لە نێوان تواناکانی لافارج بۆ دۆزینەوەی چارەسەری داهێنەرانە و هاوتاکردنی لەگەڵ پێداویستیەکانی بازرگانی کڕیارەکانمان.
هەر لە سەرەتای پرۆژەکەوە تا کۆتایی لەگەڵ کڕیارەکانمان کار دەکەین لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەر بە گوێرەی پێداویستی و داواکارییەکانیان.
لە هەموو بەشەکانی لافارج کەسانی شارەزا و هەڵکەوتوو هەن. ئامانجمان ئەوەیە کە ببینە دابینکارێکی متمانەپێکراو لە بواری کەرەستەی بیناسازیی ئاست بەرز لە هەموو پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی بواری بیناسازیدا، لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئاستی ژیانی هاوڵاتیان لە سەرتاسەری عێراقدا.

## مەودایەکی فراوانی

## بەرهەمەکانی چیمەنتۆ

بەرهەمەکانمان لە بواری چیمەنتۆ بە باشترین و گونجاوترین نرخ بۆ کڕیارەکانمان دابین دەکەین، هەروەها بەشداری دەکەین لە پرۆسەی گەشەسەندنی بەردەوامدا. بەشەکانی گەشەکردنی بەرهەمە نوێیەکانمان هەمیشە کڕیارەکانمان بە بەرهەمی نوێ ئاشنا دەکات، لەوانەش چیمەنتۆی فەل بۆ کڕیارەکانی کۆنکرێتی ئامادەکراو، و چیمەنتۆی دژە سەلفەیت بۆ ئەو بەڵێندەرانەی کە پرۆژەی ژێرخان جێ بەجێ دەکەن، و هەروەها چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی و چیمەنتۆی کەرەستە.






### الجسر I AL JISR چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئەدا بەرزی بەرهەڵستکار بۆ سولفێر CEM I 42.5 R SR

تایبەتمەندی تایبەتی بەرهەڵستکاری کبریتات (سولفێر) بۆ بەکارهێنان لە گشت دۆخەکانی هێرشی کبریتات دا.
الجسر بەپێی تایبەتمەندی ئەوروپی EN 197-1:2011 دروست دەکرێت کە هاوتایە لەگەڵ تایبەتمەندی عێراقی IQ.s 5/1984 fir type V.

**نموونەی بوارەکانی بەکارهێنان:** کارەکانی بناغەدانان، کارەکانی ژێرخان، پێکهاتەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ و لوولەکۆنکرێتییەکان.



### کەرەستە I KARASTA چیمەنتۆی پۆرتلاندی بەردی کەڵس: CEM II/A-L 42.5 R

چیمەنتۆیەکی فرە مەبەست لەگەڵ توانایەکی نایاب بۆ دروستبوون و نزمی پلەی گەرمای شێداربوون.
کەرەستە بەپێی تایبەتمەندی ئەوروپی EN 197-1:2011 دروست دەکرێت، کە هاوتایە لەگەڵ تایبەتمەندی عێراقی ژمارە 3868.

**نموونەی بوارەکانی بەکارهێنان:** کۆنکرێتی ئامادەکراو، کاری شارستانی گشتی شیش بەند، خشتی سەربان، کارەکانی تەواوبوون (finishing)، بارستەی کۆنکرێتی و بەنداوەکان.



### تاسڵوجە I چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی CEM I 42.5 R

چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی بۆ بەکارهێنانە ئەدا بەرز و بەرگەگرەکان.
تاسڵوجە بەپێی تایبەتمەندی ئەوروپی EN 197-1:2 دروست دەکرێت کە هاوتایە لەگەڵ تایبەتمەندی عێراقی IQ.S 5/1984 fir type I.

**نموونەی بوارەکانی بەکارهێنان:** کۆنکرێتی قایم و ئەدا بەرز، خشتی سەربان، پلیکانە، کۆنکرێتی شیش بەند، بەکارهێنانەکانی بینای ئامادەکراو.




### چیمەنتۆی بیری نەوت I (API CLASS G)

چیمەنتۆی (Lafarge API Class G HSR) لە بیرە وشکانی و دەریاییەکاندا (تا قوڵایی 1000 پێ/3،048مەتر) بەکار دێت. بەرهەممان لە چیمەنتۆی بیرەنەوتەکان پێکهاتەی سەرەکی گیراوەی چیمەنتۆی شل پێکدێنێت کە لە دروستکردن و قایمکردنی بیرەکانی دەرهێنانی نەوت بەکاردەهێنرێت.

# چالاکییەکانی بواری چیمەنتۆ

## کارگە باڵاکانی چیمەنتۆ

## لە جیهاندا

گروپی لافارج لە پیشەسازی چیمەنتۆدا پێگەیەکی بەهێزی نێودەوڵەتی هەیە و مێژووی کارەکانی لەم بوارەدا بۆ نزیکەی 200 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. چەندین جۆری چیمەنتۆ و گیراوە و گەچ بۆ بونیادنان و نۆژنکردنەوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەرهەم دێنێت. لافارج چەندین کارگەی گرنگی چیمەنتۆ لە زۆربەی وڵاتان لە سەرتاسەری جیهاندا کار پێدەکات لەوانەش عێراق، کە بە ئاستێکی بەرزی پێوانەی تەکنیکی و پسپۆڕییەوە کارەکان بەجێ دەگەیەنێت.
شارەزاکانمان کە لە بواری چیمەنتۆدا پسپۆڕیی بەرزیان هەیە خۆیان بۆ کارکردن لە عێراقدا تەرخانکردوە و ئاستی بەرزی پسپۆڕیی نێودەوڵەتی و بەهرەو ئەزموونەکانیان دەخەنەگەڕ لە پێناو پشتیوانیکردنی تیمە ناوخۆییەکان لەگەڵ بەرزکردنەوەی توانا پیشەییەکانیان. لافارج عێراق بەردەوام توانای جێبەجێکردنی داواکاریی بازاڕەکانی عێراقی هەیە کە هەردەم لە زیادبووندایە لە ڕێگەی تۆڕە بەرفراوانەکانی دابەشکردن و فرۆشیارانەوە کە دابەشبوون بە سەر تەواوی پارێزگاگانی عیراقدا.
هەر یەك لەم شوێنانەمان زانیاریی تایبەت بە خۆیان هەیە و نوێنەری بە ئەزموونی بواری فرۆشتنیان هەیە. ئامانجی ئێمە ئەوەیە ببینە باشترین دابینکاری بەرهەمەکانی چیمەنتۆ بە ئاستێکی بەرز لە سەرتاسەری وڵاتدا کە ئەو بەرهەمانە بۆ چەندین مەبەست سوودیان لێ ببینرێت و بەکاربهێنرێن لە پێناو باشکردنی ئاستی ژیان لە سەرتاسەری عێراقدا.





## کارگەی چیمەنتۆی **کەربەلا**

کارگەی چیمەنتۆی کەربەلا دەکەوێتە نزیکەی 80 کم لە باشووری خۆرئاوای شاری کەربەلاوە، و 180 کم لە باشووری شاری بەغدادەوە دووره. ئەم کارگەیە هەڵدەستێت بە دابینکردنی بەرهەمەکانی چیمەنتۆ بۆ شاری کەربەلا و ناوچەکانی دەورووبەری، هەروەها چەند خزمەتگوزارییەکی دیکەی وەك: ئۆفەرێکی لافارج "One lafarge offer" پێشکەش دەکات.

کارگەکە لە ساڵی 2010 تا 2016 بە پرۆسەیەکی چاککردن و بەگەڕخستنەوەی گشتیدا تێپەڕ بوو. لە ئێستادا توانای بەرهەمهێنانی کارگەکە دەگاتە 2.4 ملیۆن تەن چیمەنتۆ لە ساڵێکدا، و لە ئێستادا چیمەنتۆی دژە سەلفەیت ( SRC) و چیمەنتۆی تێکەڵکراو (کەرەستە) بەرهەم دەهێنێت.



## کارگەی چیمەنتۆی **بازیان**

ئەم کارگەیە دەکەوێتە شاری سلێمانی لە کوردستانی عێراق و لە نێوان ساڵانی 2007 بۆ 2009 دروستکراوە. چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی (OPC) و چیمەنتۆی دژە سەلفەیت (SRC) و چیمەنتۆی کەرەستە لە ئێستادا بە توانای 2.5 ملیۆن تەن لە ساڵێکدا بەرهەم دێنێت.

تاقیگەی کارگەی چیمەنتۆی بازیان باشترین خزمەتگوزاری تەکنیکیمان پێشکەش بە کڕیاران دەکات و کارگەکەمان زانیاری تەواوی هەیە لەبارەی دابینکردنی جۆری ئەو چیمەنتۆیەی کە پێویستە بەکار بهێنرێت بۆ هەر پرۆژەیەك.



# ئۆفەرێکی تایبەتی
# کۆنکرێت

بنەمای تایبەتمەندییە ژینگەییەکانی عێراق کە کار دەکاتە سەر بەرهەمهێنان و دوا ئاستەکانی کۆنکرێت، لافارج پەیوەست دەکات بە گەشەپێدانی ئاستێکی تایبەتی بەرهەمی چیمەنتۆ Ultra SeriesTM وەك چارەسەرێکی گونجاوی کۆنکرێت کە لە لایەن ئێمەوە گەشەی پێدراوە بە تایبەت بۆ بازاڕی ناوخۆی عێراقی. ئەندازیارە نێودەوڵەتییەکان پێکهاتە نوێیەکانی ئێمە لە بواری چیمەنتۆ تاقی دەکەنەوە تا دڵنیابن لەوەی کە بە بەرزترین ئاستی پێوانەیی بەرهەم دەهێنرێت.

بەرهەمەکانی Ultra SeriesTM دڵنیایی دەداتە کڕیارەکان کە ئەم جۆرە کۆنکرێتە هەڵبژێرن، چونکە لەبارە بۆ هەموو پرۆژەیەك لە هەر بارودۆخێکی کەش وهەوای عێراقدا ئەنجام بدرێت. لەگەڵ دابینکردنی بواری لۆجیستیکی تایبەت بۆ هەموو پرۆژەیەك. لافارج بەرهەمی چیمەنتۆی گەیاندۆتە زۆربەی زۆری ژینگە پڕ ئاستەنگەکان. کە ئەمەش گەشەپێدانی کۆنکرێتی لافارج و چارەسەرەکانی ڕادەستکردنی تایبەتی لە خۆگرتوە تا پێداویستی پرۆژەکانی کڕیاران دابین بکات.

- کۆنکرێتی پێوانەیی (ئاسایی).
- کۆنکرێتی ئەدا بەرز.
- کۆنکرێتی ڕازاندنەوە (زنجیرەی ئارتیڤیا Artevia).
- زنجیرەی کۆنکرێتی تایبەت بۆ بەکارهێنانە تایبەتەکان.
- بلۆکی پاراستی کۆنکرێتی.
- کۆنکرێتێك کە پلەی گەرماکەی کۆنترۆڵکراوە لە کاتی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی پلەی گەرمادا.
- ڕاوێژکاری تەکنیکی و پشتگیریکردنی بەکارهێنانەکان.
- سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ پرۆژەکانی ژێرخانی زەبەلاح و پرۆژەکانی نیشتەجێبوون.













# بەرهەمێك لە سەرتاسەری وڵات بە هۆی تیمێکی چالاك و کاریگەرەوە

بوونێکی بەهێز لە گشت
بازاڕە سەرەکییەکانی عێراق

- باکوور: موسڵ، هەولێر، سلێمانی
- ناوەڕاست: بەغداد، کەربەلا، نەجەف، حلە
- باشوور: بەسرەو ناسریە
- کارگەکانی تێکەڵکردن بۆ پرۆژە زەبەلاحەکانی بیناسازیی
- بنکەیەکی گەورەی کەلوپەلی جوڵاو و کەشتیگەلێکی بەهێز لە بارهەڵگر و ترومپای کۆنکرێت کە بە ئاسانی جوڵەیان پێ دەکرێت لە سەرتاسەری عێراقدا بۆ پشتیوانیکردنی چالاکییە هەمەجۆرەکان و دڵنیابوون لە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز لە خزمەتگوزاری پیشەیی.
- توانای لۆجیستیکی بەهێز کە بوار بە گواستنەوەی کارمەندان و کەرەستەی خاو و ئامێرەکان دەدات بە شێوەیەکی خێرا و بە نرخێکی گونجاو لە سەرتاسەری عێراق.












# کوالێتی پەسەندکراو

سەرەڕای مسۆگەریی گەیاندنی خێرا و سەلامەتی بەرهەمەکانی بۆ ناوبازاڕ، لافارج هیچ سازشێك ناکات لەسەر کوالێتی کۆنترۆڵ. هەموو کۆنکرێتەکان کە ئێمە بەرهەمی دەهێنین هاوتایە لەگەڵ بەرزترین ستانداردی جیهانی و پسپۆڕە تەکنیکییەکانمان ئەو کەرەستانە پێشکەش دەکەن لە عێراق کە لە ئاست پێوەری نێودەوڵەتیدان. ئەمەش لە لایەن چەندین تاقیگەی نێودەوڵەتیی خاوەن ئەزمونەوە پشتیوانی دەکرێ کە پسپۆڕانی ئەو بوارە کاری تێدا دەکەن و لافارج عێراق ئەم ئەزمونەی گواستۆتەوە بۆ کڕیارەکانمان کە هەر یەك لە چارەسەرەکانی چیمەنتۆ ئاستێکی بەرزیان هەیە و لە لایەن تیمێکی تەکنیکییەوە پشتیوانی دەکرێ کە دەیان ساڵ ئەزموونی جیهانییان هەیە لەو بوارەدا. کارگەکانمان بە هەمان ئەو ئامێرانە ئامادەکراون کە هەموو شوێنێکی RMXی لافارج لە سەرتاسەری جیهاندا هەیەتی.

هەموو چیمەنتۆکانمان بە سیستەمی تەواو ئۆتۆماتیکی بەرهەم دێت بۆ دڵنیابوونەوە لە بوونی باشترین کوالێتی و تۆکمەیی و ئەنجامی سەرکەوتوو. زیاتر لە 40 تاقیکردنەوەی جیاجیای تاقیگەیی بۆ بەرهەمەکانمان دەکرێت بۆ پەسەندکردنی ماددەی خاو و بەرهەمە کۆتاییەکان. ساڵانە هەزاران تاقیکردنەوە بۆ شەشپاڵووە کۆنکرێتییەکانمان ئەنجام دەدەین. ئامانجمان هەمیشە وابوە کە "بە هیچ جۆرێك نابێت شکست بهێنین". کڕیارەکانمان دڵنیان لەوەی کە ناوبانگی لافارج بۆ کوالێتی و خزمەتگوزاریی بێ هاوتایە لە ناوچەکەدا، بەهۆی کارە بەردەوامەکانمان بۆ هێشتنەوەی کۆمپانیاکەمان بە پێشەنگ لە هەموو ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەین.




# یەکێکە لە گەورەترین زنجیرە شۆپە کوالێتی بەرزەکان بۆ بیناسازان

## binastore

- **Binastore** یەکێکە لە گەورەترین زنجیرە شۆپە کوالێتی بەرزەکان بۆ بیناسازان کە پلانیان بۆ دروستکردن یان نۆژنکردنەوەی خانوەکان هەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا. لە ئێستادا بیناستۆر **550 لقی لە 15 وڵاتی جیهاندا هەیە.**
- کۆتایی **2015 بیناستۆر لە عێراق** کرایەوە و ئێستا زیاتر لە **100 لقی** لە سەرتاسەری وڵاتدا هەیە و بڕیارە ژمارەی لقەکانی بیناستۆر بگەیەنینە **600 لق لە ئایندەیەکی نزیکدا.**
- لافارج چەندین جۆر بەرهەمی جۆراوجۆری هەیە، لەگەڵ بەرهەمی چیمەنتۆدا، **پێکهاتووە لە ژمارەیەك کەرەستەی بیناسازیی سەرەکی و بەرهەمەکانی تەواوکاریی.**



## LAFARGE ACADEMY

ئەکادیمیای لافارج لە عێراق هۆکاری گەشەپێدانی بواری بیناسازییە لە عێراق و کەناڵێکی فرۆشتنیشە بۆ لافارج عێراق. ئەرکی ئەکادیمیاکە ڕاهێنانە بە دوایین بەکارهێنەرانی کەرتی بیناسازی لەگەڵ بایەخدان بە بانگەشەکردن بۆ بەرهەمەکان و چارەسەرەکانی بیناسازی لافارج عێراق. ئەکادیمیاکە ئەم کەسانەی مەبەستە: بیناسازان، ئەندازیاران، بەڵێندەران، خوێندکاران لە بواری بیناسازی و هەروەها لایەنە پەیوەندیدارەکان بەپێی خواست و داواکاری لە (شۆفێران، فرۆشیارانی تاك و هتد).

ئەکادیمیای لافارج چەند خولێکی ئەنجامداوە لە شارە جیاوازەکانی وەك (سلێمانی، هەولێر، کەربەلا، بەغداد) و سودێکی گەورەی بە چینی ئەندازیارو وەستا و فەرمانبەری ناوخۆی کۆمپانیاکە پێشکەش کردووە.

هەروەها ئەکادیمیای لافارج هەستاوە بە ئەنجامدانی چەندەها چالاکی وەکو سیمینار و کۆنفرانس و سەردانی تایبەت بۆ کارگە ناوخۆییەکانی لافارج، بەشداربوانی خولەکە شارەزای بواری بنیادنان و بیناسازی بوون.



# بینا پڵەس

## تاکە گۆڤارە بەشێوەیەکی پیشەییانە و لە بواری بیناسازی و چیمەنتۆ و کۆنکرێت بە هەرسێ زمانی کوردی و عەربی و ئینگلیزی لە عێراق دەردەچێت

گۆڤاری **بینا پڵەس** بڵاوکراوەیەکی وەرزی گروپی لافارج عێراقە کە بەشێوەیەکی پیشەییانە و لە بواری بیناسازی و چیمەنتۆ و کۆنکرێت بە هەرسێ زمانی **کوردی** و **عەرەبی** و **ئینگلیزی** لە عێراق دەردەچێت.

گۆڤاری **بینا پڵەس** بڵاوکراوەیەکە تەواوکەری چالاکییەکانمانە لە سەرتاسەری عێراق. بابەت و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بریتییە لە نوێترین هەواڵ و زانیاری تەکنیکی تایبەت بە چیمەنتۆ و کۆنکرێت و کەرتی بیناسازیی و ئەندازیاری شارستانی و هتد...

لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤارەکە بە PDF لە ماڵپەڕی تایبەتی لافارج عێراق (www.lafarge-iraq.com) بەردەستە و دادەبەزێت بەمەبەستی سوودگەیاندن بەو کەسانەی سەردانی ماڵپەڕەکەمان دەکەن.






# لافارج هۆڵسیم


لافارج هۆڵسیم کۆمپانیایەکی پێشەنگە لە بواری کەرەستە و چارەسەرە جیهانییەکانی بیناسازی کە خزمەت بە بەنا و بیناسازان و تەلارسازان و ئەندازیاران دەگەیەنێت لە سەرتاسەری جیهاندا. کارەکانمان بریتین لە بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ و چەو و لم و کۆنکرێتی ئامادەکراو کە لە پرۆژەکانی بیناسازیدا بەکاردێت، لەوانە: دروستکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوون بە نرخی گونجاو، پرۆژەی بچکوك و خۆماڵی، پرۆژەی گەورە، لەگەڵ پرۆژەکانی ژێرخان کە ئاستەنگەکانیان لە ڕووی تەکنیکی و تەلارسازییەوە گەورەترن. لەبەر ئەوەی شارستانی بە بەردەوامی کاریگەریی هەیە لەسەر خەڵك و لەسەر هەسارەکەش، بۆیە ئێمە بەرهەم و چارەسەری بیناسازی داهێنەرانە پێشکەش دەکەین و بەتەواویی پابەند دەبین بە بەردەوامبوون لە بواری کۆمەڵایەتی و ژینگەدا.

لافارج هۆڵسیم لە ئەنجامی یەکگرتنی هەردوو کۆمپانیای لافارج و هۆڵسیم دامەزرا لە ساڵی 2015. لەگەڵ زیاتر لە 180 ساڵ شارەزایی هاوبەش، ئامانجی گروپەکەمان، گەیشتنە بە چاخێکی نوێی تەکنەلۆژیا و داهێنانی گەشەسەندوو لە بواری پیشەسازی کەرەستەی بیناسازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی سەدەی بیست و یەك.

LafargeHolcim



وەك کۆمپانیایەکی پێشەنگ لە بواری کەرەستە و چارەسەرەکانی بیناسازیدا، لافارج هۆڵسیم سەرمایەی پێویستی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە جیهانییەکانی ئێستا. لە 80 وڵاتدا بوونمان هەیە و داهێنەرترین چارەسەری چیمەنتۆ و کۆنکرێت و چەو ولم بەرهەم دێنین بۆ جێبەجێکردنی پێداویستی کڕیارەکانمان.



لافارج هۆڵسیم بە تەواوی پابەندە بە پاراستنی بواری تەندروستی و سەلامەتی بەردەوام، ئەمەش بە نموونەیەکی کاری کاریگەر و بە باشترین ئەدای تیمەکانمان بە ئەنجام دەگەیەنین.



# بەها و بنەمای کارکردنمان



## ئەنجامدانی کارەکـــان بە دەســـتپاکی

ئەنجامدانی کارەکان بە دەستپاکی شێوازی کارکردنە لە لافارج هۆڵسیم. کەلتوری دەستپاکی هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنە بەردەوامەکانمانە بۆ ئەم بارودۆخە دژوارەی ئێستای کارکردن. هەروەها دەزانین کە لەگەڵ فراوانبوونی پێگەی جیهانیمان لە پاش پرۆسەی یەکگرتنەکە، ئەرکی بەرپرسیارێتی ڕابەرایەتیکردنمان کەوتووەتە ئەستۆ لە پیشەسازییەکەماندا سەبارەت بەو بەشەی کە پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی کۆمپانیاکەمانەوە هەیە.

**ئازایەتی و دەستپاکی و لێپرسراوێتی و ڕێزگرتنی بەرامبەر بەهای سەرەکین لە لای لافارج هۆڵسیم، و بەردی بناغەی پەیڕەوی بەڕیوەبردنی گروپەکە پێکدەهێنن.**

**6 یاسای سەرەکی بریتین لە یاسا تایبەتەکانی هەڵسوکەوتی پیشەیی لافارج هۆڵسیم و بەسەر گشت ئەو وڵاتانەدا جێبەجێ دەبن کە کاریان تیادا دەکەین:**

1. پابەندبوون بە هەموو یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتی و نیشتمانییە پەیوەندیدارەکان بە کارەکانمانەوە.
2. دوورکەوتنەوە لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان.
3. ڕێزگرتن لە خەڵك و پاراستنی ژینگە.
4. پاراستنی سەرمایە و کەلوپەلی گروپەکە.
5. پارێزگاریکردن لە شەفافیەتی دارایی.
6. بایەخدان بە گرنگی چاودێری ناوخۆیی و وردبینی.

# تەندروستی و سەلامەتی

لەبەر ئەوەی **لافارج هۆڵسیم** پێشکەوتووترین کۆمپانیایە لە بواری پیشەسازی کەرەستەی بیناسازیدا، دەتوانێت پێوەری نویٚ بۆ تەندروستی و سەلامەتی دابنێت. تەندروستی و سەلامەتی لە ناوەڕۆکی هەموو ئەو کارانەدایە کە پێی هەڵدەستین، هەر لە کاروباری ڕۆژانەی ناو کارگەکانمان تا شوێنکاری پرۆژەی کڕیارەکانمان و تا ئاستی چالاکییەکانمان لە کۆمەڵگەکانی دەوروبەر. خواستمان ئەوەیە کە کارەکانمان ئەنجام بدەین بە بیٚ ئەوەی زیان بە کەس بگەیەنین و ژینگەیەکی تەندروست و سەلامەت بۆ کارمەندان و بەڵێندەران و کۆمەڵگە و کڕیارەکانمان بێنینە ئاراوە. مەبەستی ئێمەش دروستکردنی جیاوازییە لە شێوازی کارکردنمان و چۆنییەتی ڕەفتارکردنە لەگەڵ کۆمەڵگەکانمان.



ئامانجی ئێمە لە لافارج هۆڵسیم تەنها ڕێگرتن نییە لە کەوتنەوەی ڕووداو، بەڵکو بریتییە لە ئەنجامدانی کارەکانمان بە ئامانجی نەبوونی زیان.
بۆ جێبەجێکردنی ئەم خواستەش، پابەندین بەم خاڵانەی خوارەوە:


- دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست و سەلامەت بۆ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان (کارمەند، بەڵێندەر، کڕیار وکۆمەڵگە خۆجێییەکان) لە سەر بنچینەی کەلتوری سەلامەتی ڕاستەقینە.
- پاراستنی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی جیهانیی تەندروست و سەلامەت کە بۆ چاککردنی بەردەوامی ئەدای کارەکانمان و بەڕێوەبردنی مەترسییەکان بەشێوەیەکی چالاك لە کارەکانماندا داڕێژراوە.
- بەئامانجگرتنی شێوازێکی ڕێکوپێکی ئیشپێکردن لە ڕێی بەرهەمهێنانی جۆرێك لە بیرکردنەوە کە سەلامەت بێت و بیر لە بەدواداچوون بکاتەوە.
- ئەنجامدانی پەیوەندی کراوە لەگەڵ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو پرسانەدا کە پەیوەستن بە بواری تەندروستی و سەلامەتی.








بەشدارپێکردنی هەردوو ڕەگەزی نێر و میٚ هۆکارە بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر لە کارەکانماندا





## پڕ بەهاترین سەرچاوەکانی لافارج: سەرچاوە مرۆییەکانمانە

بنچینەی سەرەکی سەرکەوتنمان سەرچاوە مرۆییەکانمانە کە گروپەکەمان بەرەوپێش دەبات. بەهۆی پابەندبوونمان بە سیاسەتی فرە ئاڕاستەیی و گەشەپێدانی پیشەکەمان، توانیمان سەرجەم کارمەندەکانمان لە هەردوو ڕەگەز بکەینە بەرزترین سەرمایەی کۆمپانیاکەمان.
لافارج بە یەکێك لە سە رکەوتووترین کۆمپانیا پیشەسازییەکانی جیهان دەژمێردرێت لە دامەزراندن و گەشەپێدانی گروپ و بەهرە ناوخۆییەکان لەو بازاڕانەی کاری لیٚ دەکەین. ئەم تاکانەی کۆمەڵ و تیمەکان داهێنەرن و بازاڕ ئاڕاستە دەکەن لە هەمان کاتدا بە گوێرەی بنەماکانی کاری گروپی لافارج هۆڵسیم کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

لافارج عێراق، سەرمایەی مرۆیی و کارمەندەکانی بە بەهاترین یەکەی کارکردن دادەنێت. لەبەر ئەوە کارمەندانمان لە هەر دەرفەتێکدا بێت بەهرەو پسپۆڕەییەکانیان گەشە پیٚ دەدەن. جگە لە پرۆگرامی فێربوون و گەشەپێدانی ناوخۆیی، پرۆگرامی ڕاهێنانی هاوینە بە شێوەیەکی ئاسایی پێشکەش بە توانا لاوەکانمان دەکەین بە هاوکاریکردن لەگەڵ زانکۆ ناوخۆییەکاندا.
توانیمان بە سەرکەوتوویی گەشە بە سەرچاوە خۆماڵییەکانمان بدەین، و زۆربەی ڕۆڵە سەرەکییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چالاکییەکانی کارگەکەدان، لە لایەن توانا و بەهرە ناوخۆییەکانمانەوە دەبرێت بەڕێوە. بە شێوەیەکی زۆر باش دەستپێشخەرییەکانی گەشەپێدانیان پەسەند کرد و ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ گرت کە پێشتر کارمەندە بیانییەکان بەئەنجامیان دەگەیاند.

# لافارج عێراق هاوبەشێکی داکۆکیکارە لە کۆمەڵگە خۆجێییەکان

لافارج عێراق هەموو دەرفەتێك ئەقۆزێتەوە بۆ پشتگیریکردنی کۆمەڵگە خۆجێییەکان وئێمە هەرگیز لێپرسراوێتییە کۆمەڵایەتییەکانمان لە یاد ناکەین. بەشدارپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان یەکێکە لە کارە لە پێشینەکانمان. لەبەر ئەوەی ئێمە دراوسێیەکی باشین و بە باشی لە پێداویستی و خواستەکانی ئەو کۆمە ڵگەیانە تێدەگەین کە خزمەتیان دەکەین.

بڕوای تەواوەتیمان هەیە بەوەی کە بەردەوامبوون بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بە بێ قبوڵکردنی ئەو کۆمەڵگە خۆجێییانەی کە کاریان تێدا دەکەین بەدەست نایەت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بەردەوام ببین پێویستە کار بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەرژەوەندی هاوبەش بکەین لەو کۆمە ڵگەیاندا کە میوانداریەتیمان دەکەن.











**ئێمە کارلێك و بەشدار دەبین لە دیالۆگێکی بەردەوام لەگەڵ زۆرێك لە لایەنە پەیوەندیدارەکان و لەسەر هەموو ئاستەکان**

- **کارمەندان:** لافارج هۆڵسیم پابەندە بە دابینکردنی شوێنکاری تەندروست و سەلامەت و تایبەت بۆ کارمەندانی. هەروەها گروپەکە چەند پرۆگرامێك بەڕێوە دەبات بۆ گەشەپێدانی شارەزاییەکان و بەهێزکردنی فرە ڕەهەندی و پێکەوە بەستنەوەی هەموو بەشەکان بە یەکترەوە لە سەرتاسەری ڕێکخراوەکەدا.
- **کۆمەڵگە خۆجێییەکان:** پێویستە کۆمەڵگەکانی دەوروبەری لافارج هۆڵسیم گەشە بستێنێت لە پێناو گەشەپێدانی درێژخایەنی چالاکییەکانمان. ئەمەش ئەم هۆکارەیە کە وا لە گروپەکە و تیمە ناوخۆییەکان دەکات بەردەوام چاویان بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەوێت و بە ئاگا بن لە چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی سەرمایەگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆگرامی کاری گشتگیر بۆ پەرەپێدانی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆماڵی.
- **کڕیاران و دوایین بەکارهێنەران:** بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کڕیاران مەبەستی چالاکییەکانی لافارج هۆڵسیمە. (گەشەپێدانی بەرهەمەکان، ستراتیجی داهێنان، ئەدای پیشەسازی، تەندروستی و سەلامەت):هاوبەشییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان گروپەکە و کڕیاران و لێپرسراواندا لە زنجیرەی بەهای بیناسازی بۆ گەشەپێدانی چارەسەرە داهێنەر و بەردەوامەکانی بیناسازی کە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی ئێستا و ئاینده دەبنەوە.
- **دابینکاران:** زنجیرەی دابینکارانی بەردەوام زۆر گرنگە بۆ بەهێزکردنی ئەدای بەگەڕخستنی لافارج هۆڵسیم و بەدیهێنانی ئامانجەکانی کار. گروپەکە پێوەری ئەدای ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و شەفافیەت بەکار دەهێنێت لە سەرتاسەر زنجیرەی دابینکردندا.
- **دەسەڵاتە گشتییەکان:** لافارج هۆڵسیم لە ژینگەیەکی کاردا ئیش دەکات کە تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت بەهۆی بوونی کۆت وبەندی زۆرتر بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی لە هەر کاتێك زیاتر. لافارج هۆڵسیم بەردەوام لە وتوێژدایە لەگەڵ دەزگا گشتییەکان لەسەر ئاستی خۆماڵی و نیشتمانی و ناوچەکەش بۆ ئەوەی بەشداری بکەن و کار بۆ ئامادەکردنی سیاسەتێکی گشتیی شەفاف بکەن. ئامانجی لافارج هۆڵسیم لەم کارەدا ئەوەیە کە ببێتە هاوبەشێکی سەرەکیی لە بواری کارەکەی خۆیدا بۆ دەسەڵاتە گشتییەکان.
- **خاوەن پشکەکان و وەبەرهێنەران:** خاوەن پشکەکان و وەبەرهێنەران بە بڕبڕەی پشتی کارەکانی لافارج هۆڵسیم دادەنرێن، پشتیوانی دارایی پێویست بۆ گەشەپێدانی چالاکییەکانی لافارج هۆڵسیم پێشکەش دەکەن. لە بەرامبەردا گروپەکەش کار بۆ دابینکردنی پێشبینی و خواستی خاوەن پشکەکان دەکات. هەروەها ستراتیجی کارەکانی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و شەفاف بۆ دۆخی دارایی گروپەکە نوێ دەکاتەوە.
- **ژینگەی ئەکادیمی:** لافارج عێراق لەگەڵ دەزگا ئەکادیمییە ناودارەکان لە سەرتاسەری جیهاندا کار دەکات بۆ ئەوەی لە بواری کارەکەیدا بەردەوام بە پێشەنگیی بمێنێتەوە.

# پابەندبوون بە گەشەپێدانی بەردەوام

خوازیارین لە لافارج هۆڵسیمدا پێشەنگی بەردوامبوون بین و پێوەری نوێ دابنێین. دەمانەوێت هاوکار بین لە گۆڕینی ئەو شێوازەی کە پیشەسازییەکەمان کاری پێ دەکات و هانی کەرتی بیناسازی بدەین بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێت لە چارەسەرکردنی گەورەترین کێشەکانی هەسارەکەمان. وەك پێشەنگێك لە پیشەسازی کەرەستەی بیناسازیدا، دەرفەت و لێپرسراوێتیمان هەیە بۆ هێنانە کایەی جیاوازییەکی ئەرێنی.



**ئاستەنگەکانی جیهان پێویستی بەچارەسەری جیهانی و هەماهەنگی هەیە:**
گەشەکردنی دانیشتوان، کەمی سەرچاوەکان، شارستانی، گۆڕانی کەش وهەوا، پێویستییەکانی نیشتەجێبوون، مەترسیدارترین ئەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ژینگەییانەن کە جیهان ڕوبەڕویان دەبێتەوە. کۆنفڕانسی COP21 لە پاریس تیشکی خستە سەر پێویستی چارەسەرکردنی بە پەلە و هەماهەنگ بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی ئەم ئاستەنگانە.

**بەرپرسیارێتیمان بریتییە لە ڕابەرایەتیکردنی گۆڕانکاریی لە زنجیرەی بیناسازیدا**
کەرتی بیناسازی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە دابینکردنی چارەسەرە هاوبەشەکاندا، هەر لە پرۆسەکانی دروستکردنی کەرەستەکان و گەشەپێدانی بەرهەمەکانەوە تا دیزاینی بیناکان و شێوازەکانی بیناسازی. وەك پێشەنگ لە بواری پیشەسازی کەرەستەی بیناسازیدا، لافارج هۆڵسیم لێپرسراوێتی و سەنگینی و بوونی جوگرافی هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری فراوان و ئەرێنی و جیهانی و ناوخۆیی لە کەرتی بیناسازیدا بهێنێتە کایەوە.

**بەردەوامبوون بەشێکە لە بەها سەرەکییەکان وستراتیجی کارەکانمان**
لەسەر بنەمای مێژوویەکی دەوڵەمەند، بەردەوامبوون بەشێکە لە ناسنامەمان و لە شێوازی جێبەجێکردنی کارەکانمان. لەگەڵ پلانی ساڵی 2030، بەم بەهایەوە پابەند دەبین بەرامبەر بە هاوبەشەکانمان و کۆمەڵگە خۆجێییەکانمان، و ئەم بەهایە دەکەینە ئامانجی کارەکانمان.
هەروەها پلانی 2030 یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی خێراتر خۆمان لەگەڵ بازاڕە خێرا جوڵاوەکانمان بگونجێنین و داهێنانەکانمان بەڕێوەبەرین. پلانەکە چەپکێکی نوێ لە بەرهەم و چارەسەرەکان دێنێتە کایەوە کە پەیوەندییان بە پێویستی کڕیار و کۆمەڵگەکەمانەوە دەبێت.



# ڕێز لە ژینگەکەمان دەگرین

هاوشێوەی هەموو پیشەسازییەکانی تر، ئێمە لە سیستەمێکی ژینگەیی هەستیاردا کار دەکەین کە سەرچاوەی گرنگی وەك ئاوی سازگار و کەرەستەی خاو و ووزە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ دابین دەکات. سیستەمەکانی ژینگە بەشدارە لە جێگیرکردنی بارودۆخی کەش و هەوا، ئەویش بە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لافاو و پاراستنی هەوایەکی پاکژ بۆ هەموان. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە کۆمپانیایەکی وەك لافارج بەردەوام بێت لە پێشڕەویکردن بۆ پاراستن و بایەخدان بە بایۆلۆجی جۆراوجۆر و سیستەمەکانی ژینگەی خۆماڵی.

لافارج بەردەوامە لە پابەندبوون بەم بنەمایانەوە، ئەویش بە چاککردنی کانەبەردەکان و دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبونی گونجاو. کارکردن بۆ پاراستنی بایۆلۆجی جۆراوجۆر بنەمایەکی گرنگی ماوە درێژە و بۆتە یەکێك لە پێکهاتەکانی مۆڵەتی کارکردنمان.

سیاسەتی پاراستنی ژینگەیی گروپی لافارج هۆڵسیم لە هەموو شوێنەکانی کارکردنی لافارج عێراق جێ بەجێ دەکرێت.



# دەزگای لافارج هۆڵسیم

**دەزگای لافارج هۆڵسیم بۆ بیناسازی بەردەوام لە ساڵی 2003 دامەزراوە (پێشتر تەنها بە دەزگای هۆڵسیم بۆ بیناسازی بەردەوام ناسرابوو) بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە گرنگی ڕۆڵی ئەندازیاری تەلارسازی و پلانی شارستانی و بیناسازی لە هێنانەدی ئایندەیەکی بەردەوامتر.**

- دەزگای لافارج هۆڵسیم هەڵدەستێت بە هەڵبژاردن و ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی کە چارەسەری بیناسازی بەردەوام و بواری تەلارسازی نایاب لە خۆ دەگرێت وئاستی گوزەران باشتر دەکات، ئەمە جگە لە چارەسەرە تەکنیکییەکان.
- دەزگاکە پشتیوانی لەو پرۆژانە دەکات کە کاردانەوەیان هەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی و جیهانیی و بەردەوام چارەسەری بابەتە تەکنیکی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی وئابوری و کەلتورییەکان دەکەن و کاریگەرییان هەیە لەسەر بواری بیناسازیی.
- هەروەها باشترین شارەزایی و چارەسەری پێشەنگ و نوێ پێشکەش دەکات، وهەر یەك لە نەوەی ئێستا و "نەوەی داهاتوو"ی تەلارسازان و ئەندازیاران و پلاندارێژەران و گەشەپێدەران و بەڵێندەران هان دەدات بۆ جێبەجێکردنی چارەسەری بیناسازی درێژ خایەن تا بەرهەڵستی بکەن لە هەموو ئاستەنگە سەختەکانی بەردەم بیناسازی بەردەوام.







## بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری

لە میانەی چالاکییەکانیدا، دەزگای لافارج هۆڵسیم تۆڕێکی جیهانی توندوتۆڵی پەرەپێداوە کە پێکهاتووە لە چەند گروپێك لە لایەنە پەیوەندیدارەکان، تۆڕەکە گەشەی کردوە و بۆتە سەنتەرێك بۆ زانیارییەکان. دەزگاکە نامیلکە بڵاودەکاتەوە دەربارەی پرۆژە نموونەییەکانی بیناسازی بەردەوام، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەبوونێکی بەرفراوانی هەیە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

## کێبڕکێی خەڵاتەکانی لافارج هۆڵسیم

کێبڕکێی خەڵاتە جیهانییەکان ئەو پرۆژە داهێنەر و بیرۆکە و چەمکانە پاداشت دەکات کە دەڕواننە ئاینده، وبە گرنگترین کێبڕکێی جیهانی دادەنرێت بۆ دیزاینی بەردەوام. کێبڕکێکە تەلارسازان و پلاندارێژەران و ئەندازیاران و خاوەن پرۆژەکان هان دەدات بۆ تێپەڕکردنی بیرۆکە باوەکانی بیناسازی لە کارەکانیاندا و کاردانەوەیان هەبێت بەرامبەر مەترسییە ئابوری و ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان. هەر خولێکی کێبڕکێکە سێ ساڵ دەخایەنێت هەر لە سەرەتاوە تا تەواوکردنی وتیایدا بڕی 2 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی وەك پاداشت دەبەخشرێت.



## کۆڕەکانی سەکۆی لافارج هۆڵسیم

دەزگای لافارج هۆڵسیم شانبەشانی زانکۆ هاوبەشەکانی، کۆڕی ئەکادیمی سەبارەت بە بیناسازی بەردەوام لە ڕێی سەکۆی لافارج هۆڵسیمەوە پێشکەش دەکات. سێ ساڵ جارێك 300 شارەزا لە سەرتاسەری جیهان کۆ دەبنەوە بۆ باسکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە لە ئێستادا ڕووبەڕوی پرۆسەکانی شارستانی و ژینگەی بونیادنراو دەبێتەوە. کۆنفرانسەکان کۆتاییان پێ دێت بە دەرکردنی بڵاوکراوەی تەکنیکی و دابینکردنی سەکۆیەکی ئەکادیمی هەمە پسپۆڕیی بۆ تەلارسازان و ئەندازیاران و بیناسازان و پیشەوەران و شارەزایان لە گشت نەوەکان و ناوچە جوگرافییەکانەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و زانیارییەکان.



# لافارج پێشەنگە لە زانستی ژینگەی پیشەسازیدا

## پاشماوەکان و پاشماوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کەمدەکەینەوە لەڕێی بەکارهێنانی سوتەمەنی جێگرەوە

بەکارهێنانی جۆرەکانی سوتەمەنی جێگر بەشێکە لە چوارچێوەی کاری فراوانمان بۆ ژینگەی پیشەسازی. کۆمپانیای Geocycle بۆ بەڕێوەبردنی خۆڵ و خاشاکی جیهانی سەر بە لافارج هۆڵسیم 10 ملیۆن تەنی لە خۆڵ و خاشاکی چارەسەرکرد لە ساڵی (2017)دا کەئەمەش زیادبوونێك تۆمار دەکات بەڕێژەی 13% بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (2016)دا. ئەم 10 ملیۆن تەنە دوو هێندەی تێکڕای خۆڵ و خاشاکی ساڵانەیە لە وڵاتی سویسرادا یاخود بەرامبەر بە 2 ملیۆن بارهەڵگری خۆڵ و خاشاك کۆکەرەوەیە.






## هاوبەشیکردنێکی چالاك بەرەو ئابورییەکی بازنەیی

لە ڕێی بەکارهێنانی ئەو کورانەی کە لە بەرهەمهێنانی چیمەنتۆدا بەشدارن، لافارج هۆڵسیم گشت جۆرەکانی خۆڵ و خاشاکی چارەسەر کرد کە ئەمانە دەگرێتەوە: ئەو خۆڵ و خاشاکە ڕەقە وردکراوانەی کە لە سەرچاوەی پیشەسازی و شارەوانییەوە هاتووە، توێنەرە بەکارهاتووەکان، تایە بەکارهاتووەکان، ڕۆنە بەکارهاتووەکان، خۆڵ و خاکی پیسبوو، لیتاوی پیشەسازی و زێرابەکان و هەروەها پاشماوە و خۆڵ و خاشاکی ڕووخاندن.

چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك هیچ جۆرە پاشماوەیەك بەجێ ناهێڵێت چونکە خۆڵەمێش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ کلینکەردا کە بە بنچینەی چیمەنتۆ دادەنرێت، هەروەها بەرهەمەکانی خۆڵ و خاشاك وەك جێگری ڕاستەوخۆی سوتەمەنی خەڵوزی بەردین و کەرەستەی خاوی دیکە بەکار دەهێنرێت. بەم شێوەیە چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك و ڕێژەی بەرزبوونی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و تێچوونی ووزە کەم دەکاتەوە: پلەی گەرمای بەرزتر و کاتی مانەوەی درێژتر، واتا سوتاندنێکی پاکتر، هەروەها ڕێگرتن لە ناشتن و و فڕێدانی خۆڵ وخاشاك لە دەرەوەی چاودێری دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە و پاراستنی خاك. بەگشتی چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بۆ لەناوبردنی کێشەی خۆڵ و خاشاك لە کۆمەڵگەدا لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئابورییەکی بازنەییدا.

# سەرچاوەی پرۆژەکان



بانکی ناوەندی عێراقی
بەغداد

یەکێك لە دوایین پرۆژەکانی تەلارسازی بەناوبانگی عێراق زەها حەدید (1950 - 2016)، بریتییە لە پرۆژەی بیناسازی بانکی ناوەندی عێراقی لە بەغداد (CBI) لەسەر ڕوباری دیجلە. ئەم پرۆژەیە شێوازێکی ناوازەی هەیە بەوەی کە ڕووبەری فراوانبوونی باڵەخانەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، واتە لە خوارەوە هەتا بەرەو سەرەوە بچین ڕووبەری باڵەخانەکە فراوانتر دەبێت. بەها سەرەکییەکانی ئەم باڵەخانەیە برتییە لە: پتەویی، جێگیریی، بەردەوامی. لافارج عێراق شانازی دەکات بەوەی کە بەشێکە لەو پرۆژە گرنگە لە عێراقدا.

سەرچاوەی زانیاری و وێنە:
www.zaha-hadid.com





پرۆژەی بەسمایە
بەغداد



وێستگەی بەرهەمهێنانی
کارەبای خەبات -هەولێر





نەخۆشخانەی سەربازی
بەغداد



هۆتێل گراند میلینیۆم
سلێمانی






گوڵدن تاوەر
هەولێر




پاڵوگەی کەربەلا





بەندەری فاو
بەسرە




فیوچەر ستی
هەولێر





پردی کۆبانێ
سلێمانی

# پەیوەندیمان پێوە بکە لە ڕێی

## خزمەتگوزاری کڕیاران

(+)964 771 345 45 45

4545@lafargeholcim.com

## ئۆفیسەکانمان

ئۆفیسی بەغداد
جادریە .951 شەقامی .34 بینای ژمارە 1/17
(+) 964 780 912 46 42
(+) 964 782 782 90 13

ئۆفیسی کەربەلا
شەقامی موجەمەعات، باڵەخانەی ژمارە 49885
گەڕەکی الحسین، کەربەلا
(+) 964 780 917 12 75

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی مەم - گەڕەکی عەدالەت
ناوچەی پیشەسازی باشوور

(+) 964 751 184 51 55

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی ڕزگاری 412
باڵەخانەی ژمارە 70

(+) 964 773 338 66 30

(+) 964 773 338 66 31

## کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ

کارگەی چیمەنتۆی بازیان - سلێمانی
(+) 964 770 867 70 00
(+) 964 770 547 61 57

کارگە چیمەنتۆی کەربەلا - پارێزگای کەربەلا
(+) 964 782 789 48 48

## کارگەی بەرهەمهێنانی کۆنکرێت

سلێمانی
(+) 964 770 425 03 38

شەقڵاوە
(+) 964 751 010 56 42

هەولێر/ دهوك
(+) 964 751 184 51 55

بەغداد
(+) 964 782 782 90 13
(+) 964 782 781 80 01

بەسرە
(+) 964 782 781 80 02

کەربەلا - نەجەف - حلله
(+) 964 782 781 80 03

ناسریە
(+) 964 782 781 80 02

موسڵ
(+) 964 751 010 18 19

## زانیاری گشتی

info.iraq@lafargeholcim.com

## هەلی کار و ڕاهێنان

iraq.recruitment@lafargeholcim.com

(+)964 771 702 00 06

www.lafarge-iraq.com
www.facebook.com/LafargeIraq

لافارج عێراق
ڕزگاری گەڕەکی 412
باڵەخانەی ژمارە 70
سلێمانی، عێراق
(+) 964 773 338 66 30/31

info.iraq@lafargeholcim.com
www.lafarge-iraq.com
www.facebook.com/LafargeIraq
www.lafargeholcim.com

A member of LafargeHolcim